# ئیلاء عەبدولبراهیم دوای ئیغتیساب کردنی دەکوژرێت.*

ئامادەکردنی جبار محسن

14-10-2005

## ئیلاء عەبدولبراهیم دوای ئیغتیساب کردنی دەکوژرێت.

ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە عێراق بەیانێکی لە ڕۆژی 5ی ئۆکتۆبەردا بڵاو کردۆتەوە لە بەیانەکەدا هاتووە کە کچێک بە ناوی ئیلاء عەبدولبراهیم، کە تەمەنی 25 ساڵە، لەشاری کەرکوک دوای ئەوەی لە مانگی تەمووزی ئەمساڵدا لەلایەن ئەمریکیەکانەوە لەگەڵ خێزانەکەیدا دەستگیر دەکرێت، لەزینداندا لە لایەن ئەمریکیەکانەوە ئیغتیساب ئەکرێت و دوای مانگێک لە بەربوونەکەی لە مانگی سێپتێمبەردا لە لایەن باوکیەوە دەکوژرێت، بەم جۆرە دەیانەوێت ئەو لەکەیەی لە شەرفیان کەوتووە بسڕنەوە!

لە بەیانەکەدا هاتووە کە ژنان خەونیان بە ئازادی و ئەمنیەتەوە بینیوە کەچی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس نە ئازادی هەیەو نە ئەمنیەت. جاران ژنان لە لایەن جەلادەکان و وەحشیەکانی بەعسەوە ئیغتیساب ئەکران بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی هەمان تاوان دەبنەوە بەڵام لەلایەن دەمووچاوی تازەوە.

لە بەیانەکەدا ڕێکخراوی ئازادی ژنان دەپرسێ و دەڵێ کوان ئەوانەی باس لە سیادە ئەکەن، کوا ڕێز گرتنتان لە مافی مرۆڤ کە وەزارەتێکتان لە حکومەتەکەتاندا بۆ داناوە، کوا مافی ژنان کە ژنێکتان لە وەزارەتی ژنان بۆ داناوە، کوا یاسای سزادانتان کە دەبینن عەبدولبراهیمی باوکی ئیلاء بە ئازادی دەسورێتەوە.

## کرێکاران و کارمەندانی (مدینة الطب) لە بەغداد ماندەگرن.

لە ژێر سەرپەرشتی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان لە عێراق زیاتر لە 300 کرێکارو کارمەند ڕۆژی 3ی10ی2005 لە بەردەم نوسینگەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵگای(مجمع)ی مدینة الطب، دکتۆر عەبدول ئەمیر موختار، کۆدەبنەوە و مان دەگرن. کرێکارانو کارمەندان داواکاری سەرف کردنی سلفەی پێکەوەنانی خێزان کە بڕەکەی نزیکەی 2 ملیۆن دینار دەبێت کردووە، وە داواکاری بەرزکردنەوەی مووچە بوون. لەم کاتەو لە ژێر فشاری ئەم نارەزایەتیەدا بەڕێوەبەری ناوبراو لە دەرگای پشتەوە هەڵدێ، بەڵام کرێکارانو کارمەندان درێژەیان بە نارەزایەتیەکەیان دەدەن و دەمێننەوە هەتا 2 کاتژمێر و لەم بارەیەشەوە بەرپرسی نەقابەی خزمەتگوزاریەکانو پیشە تەندروستیەکان لە یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان لە عێراق ڕایگەیاند کە ڕێکخراوەکەیان هەوڵ ئەدات تەواوی کارمەندان و کرێکاران لە مانگرتنێکی سەرتاسەریدا ڕێکبخات بۆ سەپاندنی خواستەکانیان و دەرکردنی ئیدارەی ئێستا.

## یەکێتی کاری قوتابیان لە عێراق کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی دەبەستێت.

سەرلەبەیانی 27ی سێپتێمبەری 2005 لە ئوتێلی الفنار لە بەغداد بەبەشداری وەفدی خوێندکاران لە پارێزگاکانی عێراقەوە، لەژێر دروشمی باکاربکەین، یەکگرین لە پێناو بزووتنەوەی جەماوەری خوێندکاراندا بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێشکەوتوو، کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی کاری خوێنکاران لە عێراق بەسترا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرەتا کۆنگرە بە ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانی دەستی پێکردو دواتر سەفاء عەبدولعەزیم ووتەی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەو هەریەک لە نوێنەرانی ڕێکخراوی چیای خوێنکاران و یەکێتی خوێنکارانی گشتی و کۆمەڵەی هاوپشتی خوێنکاران و یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان و شەماڵ عەلی لە کۆنگری ئازادی عێراقەوە ووتەی خۆیان پێشکەش کرد. لە کۆنگرەکەدا وەرەقەی کارو پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە تاوتوێ کراو کۆنگرەکە سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

## سەپاندنی حیجابی ئیجباری.

- ڕۆژی 29ی سێپتەمبەر ژمارەیەک چەکداری سەروچاو بەستراو بەردەم دەرگای گشتی پەیمانگای تەکنۆلۆجی لە ناوچەی زەعفەرانیە، دەگرن و خوێندکارانی کچ رادەگرنو نایەڵن بچنە ژوورەوە بە بیانووی ئەوەی حیجابیان نەپۆشیوە، بەڵام یەکێک لە خوێنکارەکان لێیان دێتە وەڵام و دەڵێ: تەحەداتان ئەکەم ئەگەر بتوانن ڕێم لێ بگرن بچمە ژوورەوە. ئەمەش دەبێتە مایەی هاندانی خوێندکاران و پشتی هاوڕێکەیان دەگرن و دەچنە ژوورەوە بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە چەکدارەکانو هەڕەشەکانیان.
- ژمارەیەک چەکداری ئیسلامی لە گەڕەکی الغدیر لە بەغداد هەڕەشە لە کچانی ئەو گەڕەکە دەکەن کە ئەگەر حیجاب نەپۆشن زەرەر دەکەن. شایەنی باسە زۆرینەی دانیشتوانی ئەوگەڕەکە مەسیحین.
- ئیدارەو مامۆستایانی ژمارەیەک لە قوتابخانەکانی بەغداد لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندەوە هەڕەشەیان لە خوێنکارانی کچ کردووە کە دەبێت لە دەرسی دیندا حیجاب بپۆشن ئەگەر نا دەکرێنەوە دەرەوەو بە سێ بارە بوونەوەی ئەم حاڵەش سەرەنجام ئەو خوێندکارانە بە ڕاسب لە دەرسی دیندا حساب دەکرێن. شایەنی باسە دەرسی دینی ئیسلام لە دوای حەملەی ئیمانی ڕژێمی بەعسەوە لە هەفتەیەکدا سێ جارەو ئێستا لە هەندێک قوتابخانەدا کراوە بە چوار جار.
- **ئەم هەواڵانە لە ژمارە 46ی بڵاوکراوەی (الی الامام)ەوە وەرگیراوە :** http://www.wpiraq.net/arabic/alamam/alamam/alamam46.pdf

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com